# حەق و مافەکانی

# پێغەمبەری خوا ﷺ

# لەسەر ئوممەتەکەی

**وەرگێڕانی : ناصح حسن بیتوێنی**

لەکتێبی :' وداع الرسول لأمته دروس، وصايا، وعبرٌ، وعظات '

لەدانەری شیخ/ سعيد بن علي بن وهف القحطاني -خوا لێی خۆش بێت و بە بەهەشتی شاد بکات -

============================================================


**لە بڵاوکراوەکانی**

**ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان**

**ba8.org**

**walamakan.com**

**پێشەکی:**

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدَاً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ [آل عمران].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ [سورة النساء] .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ [سورة الأحزاب] .

أَمَّا بَعْدُ ...فَإِنَّ أَصْدَقَ الْحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ، وَخَيْرَ الْهُدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

بێ گومان حەق و مافەکانی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم زۆر زۆرن ، بەڵام پێویستی یەتی و گرنگی هەندێکیان لەهەندێکیان لەپێشترە ، چونکە مسوڵمان ئەبێت ئەو حەق و مافانە بزانێت کەوا گرنگن ، ناکرێت مسوڵمان بێ ئاگا بێت لێیان ، لەبەر گرنگیان ، خەڵکیش لەبەرامبەر پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم بونەتە چەند کۆمەڵ و بەشێک کە ئەمانەن :

**کۆمەڵی یەکەم :** کافرو بێ باوەڕن بە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ،نەک هەر حەق و مافی نادەن ، بەڵکو دژایەتی ئەکەن و بەچاوێکی سوک سەیری ئەکەن .

**کۆمەڵی دووەم :** زۆرێک لە مسوڵمانان ، بەناوی خۆشەویستی دەربڕین و بەگەورەدانانی ، سنور ئەبەزێنن لە ئاستی پێغەمبەر دا صلی الله علیه وسلم ، بەجۆرێک کەسانێک لە پلەی پێغەمبەرایەتی بەرزی ئەکەنەوە بۆ پلەی خوایەتی ، هاواری لێ ئەکەن ، داوا و تکای لێ ئەکەن ، پەرستشی بۆ ئەنجام ئەدەن ، وەکەسانێکیش کارو کردەوانێک ئەکەن کەوا داهێندراوە لەدیندا ، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و هاوەڵان نەیان کردووە .

**کۆمەڵی سێیەم :** ئەوانەن کەوا حەق و مافەکانی ئەپارێزن ، نەزیادە ڕەوی تێدا ئەکەن نەکورت ڕەوی ، بەڵکوو ئەڵێن :

بەندەی خوایە و ناپەرستریت ، نێردراوی خوایە و سەرپێچی ناکرێت .

بۆیە بەپێویستم زانی ئەم بابەتە بخەمە سەر زمانی شیرینی کوردی کە ئەم بابەتە بەشێکە لەکتێبی : وداع الرسول لأمته دروس، وصايا، وعبرٌ، وعظات '

لەدانەری شیخ/ سعید بن علي بن وهف القحطاني -خوا لێی خۆش بێت و بە بەهەشتی شاد بکات -

**وەرگێڕ : ناصح حسن بیتوێنی**

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) چەندین حەق و مافی هەیە بەسەر ئوممەت و شوێن کەوتوانی کە هەندێکیان ئەمانەن :

**یەکەم** : ئیمان بونی تەواو بەپێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وە بەڕاست دانانی ئەوەی کەپێی هاتوە: خوای گەورە فەرمویەتی :{فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالنُّورِ الَّذِي أَنزَلْنَا وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ }[ سورة التغابن].

واتا : بۆیە ئیمان بێنن بە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی و - صلی الله علیه وسلم - بەو نوورو ڕووناکیەش کە قورئانی پیرۆزە دامان گرتووە [وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ] وە خوای گەورە بە کردەوەکانی ئێوە زۆر زانیاریەکی وردی هەیەو هیچ شتێکی لێ ناشاردرێتەوە.

وە خوای گەورە فەرمویەتی :{فَآمِنُواْ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ }[سورة الأعراف].

واتا : ئێوە ئیمان بێنن بە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی کە محمدە - صلی الله علیه وسلم - کە ڕەسول و (نەبی) یە کتابیشی بۆ هاتووە لەلایەن خوای گەورە وە خوێندەواری نەبووە، پێغەمبەر - صلی الله علیه وسلم - نەخوێندەوار بووە، کە

ئیمان بە خوای گەورەو وشەکانی خوای گەورە دێنێ هەموو ئەو کتابانەی کە پێشتر بۆ سەر پێغەمبەرانی تری دابەزاندووە [وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ] وە ئێوە شوێنی ئەو پێغەمبەرە بکەون - صلى الله عليه وسلم - بەڵكو خوای گەورە هیدایەتتان بدات بۆ رێگای راست.

وەخوای گەورە دەفەرموێت :{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَآمِنُوا بِرَسُولِهِ يُؤْتِكُمْ كِفْلَيْنِ مِن رَحْمَتِهِ وَيَجْعَل لَّكُمْ نُورًا تَمْشُونَ بِهِ وَيَغْفِرْ لَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ }[سورة الحديد].

واتا : ئەی باوەڕداران ئێوە تەقوای خوای گەورە بکەن و لە خوای گەورە بترسن و خۆتان لە تاوان و سەرپێچییەکان بپارێزن وە ئیمان بە پێغەمبەرەکەی خوای گەورە بهێنن کە پێغەمبەر محمدە - صلى الله عليه وسلم - ، ئەوە خوای گەورە دوو جار پاداشتی ئێوە دەداتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوانەی کە ئەهلی کتابن ئیمانیان بە پێغەمبەری خۆیان هێناوە ئەوە ئەجرو پاداشتێك، دواتریش کە پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - هات ئیمانی پێ بێنن ئەمیش ئەجرو پاداشتێکی تر ، وە ئەو نوورەیش کە باسمان کرد خوای گەورە ئەو نوورەیشتان پێ

دەبەخشێ کە لەسەر پردی (سیراط) ڕێگەی خۆتانی پێ بدۆزنەوەو لەسەر پردەکە بپەڕنەوە بەرەو بەهەشت پێی بڕۆن وە خوای گەورە لە تاوانەکانی پێشترتان خۆش دەبێ، یاخود لە دونیادا قورئانی پیرۆز نوورو ڕووناکی یە بۆتان و ڕێگای ڕاستی پێ دەدۆزنەوەو لەسەر چاوو ڕۆشنایی دەژین ، وە خوای گەورە زۆر لێخۆش بوو بەڕەحم و بەزەییە.

وە فەرمویەتی :{وَمَن لَّمْ يُؤْمِن بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ فَإِنَّا أَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ سَعِيرًا}[سورة الفتح].

واتا : وە هەر کەسێکیش ئیمان بەخواو پێغەمبەری خوا - صلی الله علیه وسلم - نەهێنێ ئەوە ئێمە بۆ ئەم کەسە کافرانە ئاگری دۆزەخمان داناوە کە سووتێنەرە.

وە پێغەمبەری خوا -صلی الله علیه وسلم- فەرمویەتی [أمِرْتُ أنْ أقاتِلَ الناسَّ حَتى يَشْهَدوا أنْ لا إلهَ إلا الله وَيُؤْمِنوا بي وبما جِئْتُ بِهِ] رواه مسلم.

واتا : فەرمانم پێ کراوە کە بجەنگم لەگەڵ کافرو بێ باوەڕان ، تا ئەوکاتەی شایەتومانی بەحەق دەهێنن بە لا إله إلا الله، وە ئیمان بەمن و ئەوەش کە پێی هاتووم دەهێنن [واتا: قورئان و سوونەت ].

ئیمان بوون بە پێغەمبەر -صلّى الله عليه وسلّم- بریتیە لە : بەڕاست دانانی پێغەمبەرایەتی ، وە خوا ناردویەتی بۆ مرۆڤ و جنۆكەكان ، وە بەڕاستی دابنێیت لەهەموو ئەوشتانەی كەوا ئەو پێی هاتوە ، ومطابقة تصديق القلب بذلك شهادة اللسان وە بەڕاست دانانی لەدڵدا وتنی بەزمان كە ئەو نێردراوی خوایە ، هەركاتێک بەڕاستت دانا بەدڵ و بەزمان ، دواتر بەكردەوە ئەوەی ئەو پێی هاتوە جێ بەجێت كرد ؛ ئەوا ئیمانەكەت تەواوە بەپێغەمبەر -صلّى الله عليه وسلّم-.

**دووەم** : واجبە گوێڕایەڵی بكەیت ، وە وریا بیت لە سەرپێچی كردنی : چونكە كە ئیمان بوون و بەڕاست دانانی ئەوەی كە پێی هاتووە ، واجب بێت ، ئەوا واجبە گوێ ڕایەڵی بكەیت ، چونكە بۆ ئەم مەبەستە هاتووەو نێردراوە ؛

خوای گەورە فەرمویەتی :{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلاَ تَوَلَّوْا عَنْهُ وأَنَتُمْ تَسْمَعُونَ }[سورة الأنفال].

واتا : ئەی باوەڕداران ئێوە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوا بكەن - صلى الله عليه وسلم - وە ئێوە پشت لە پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - مەكەن و

سەرپێچی مەكەن كاتێك كە بانگتان دەكات و ئێوە دەبیستن و دەزانن بۆچی بانگتان دەكات.

وەخوای گەورە فەرمویەتی :{وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا... }[سورة الحشر].واتا : ئەوەی كە پێغەمبەری خوا - صلی الله علیه وسلم - بۆی هێناون ئێوە وەری بگرن، وە ئەوەیشی كە پێغەمبەری خوا - صلی الله علیه وسلم - نەهی لێكردووە دەستی لێ هەڵبگرن

وەفەرمویەتی :{فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ }[سورة النور]واتا : ئەو كەسانەی كە سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەری خوا - صلی الله علیه وسلم - ئەكەن با ئاگادار بن ،لەبەر ئەوەی بەهۆی بێ فەرمانی كردنی پێغەمبەری خوا - صلی الله علیه وسلم - تووشی فیتنە ئەبن، فیتنەش بریتیە لە شیرك و كوفرو نیفاق و بیدعەو گومڕایی ، یاخود تووشی سزایەكی زۆر بەئێش و ئازار ئەبن كە لە دونیادا خوای گەورە تووشی كوشتن و گرانی و بەند كردن و لەناو چوونیان ئەكات، (ئەم سزایانە هەمووی بە هۆی بێ فەرمانی كردنی پێغەمبەری خوایە - صلی الله علیه وسلم -).

وەخوای گەورە فەرمویەتی :{وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ * وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَارًا خَالِدًا فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُهِينٌ }[سورة النساء].

واتا : هەر کەسێ سەرپێچی خواو پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - بکات [وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ] وە سنوری خوای گەورە ببەزێنێ و ئەم حوکمانە بگۆڕێ [يُدْخِلْهُ نَارًا خَالِدًا فِيهَا] ئەوا خوای گەورە دەیخاتە ناو ئاگری دۆزەخەوەو بە نەمری تێیدا دەمێنێتەوە [وَلَهُ عَذَابٌ مُهِينٌ ] وە سزایەکی دەدات کە تێیدا ڕیسواو سەرشۆڕو زەلیلی دەکات ، وە هەر کەسێ سەرپێچی خواو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) بکات [وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ] وە سنووری خوای گەورە ببەزێنێ و ئەم حوکمانە بگۆڕێ [يُدْخِلْهُ نَارًا خَالِدًا فِيهَا] ئەوا خوای گەورە دەیخاتە ناو ئاگری دۆزەخەوەو بە نەمری تێیدا دەمێنێتەوە [وَلَهُ عَذَابٌ مُهِينٌ ] وە سزایەکی دەدات کە تێیدا ڕیسواو سەرشۆڕو زەلیلی دەکات.

وە لە أَبو هريرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت)، لە پێغەمبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم)فەرمویەتی:[مَنْ أَطَاعَنِي فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ وَمَنْ عَصَانِي فَقَدْ عَصى اللَّهَ]رواه البخاري ومسلم.

واتا: هەرکەس گوێڕایەڵیم کات ئەوا گوێڕایەلی خوای کردووە ، وە هەرکەس سەرپێچیم بکات ئەوا سەر پێچی خوای کردووە .

وەهەر لە أَبو هريرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)فەرمویەتی :[كُلُّ أُمَّتِي يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ إِلَّا مَنْ أَبَى] قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَنْ يَأْبَى قَالَ:[مَنْ أَطَاعَنِي دخَلَ الْجَنَّةَ وَمَنْ عَصَانِي فَقَدْ أَبَى] رواه البخاري.

واتا : هەموو ئوممەتەکەم دەچنە بەهەشتەوە تەنها ئەوانە نەبن کەوا خۆیان نایەنەوێت و حەزی پێ ناکەن ، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)کێن ئەوانەی پشت هەڵ دەکەن و نایانەوێت ، فەرموی ئەوەی گوێ ڕایەڵیم بکات دەچێتە بەهەشتەوە ، ئەوانەش کەوا سەرپێچیم بکەن ئەوا پشتیان هەڵکردووەو نایانەوێت گوێڕایەڵ بن .

**سێیەم** : شووێن کەوتنی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، وە بیکەیتە قودوەو سەرمەشقی هەموو کارو کردەوەکان ، وە شوێن کەوتنی : خوای گەورە دەفەرموێت{قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ }[سورة آل عمران].

واتا : ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - پێیان بفەرموو: ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن خوای گەورەتان خۆش دەوێ ئەوە شوێن من بکەون ئەوە ئەو کاتەش خوای گەورە ئێوەی خۆش دەوێ وە لە تاوانەکانتان خۆش دەبێ، کەسانێك بانگەشەی خۆشەویستی خوایان کرد خوای گەورە بەم ئایەتە تاقیکردنەوە، کەواتە هەرکەسێك شوێن پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - نەکەوێت و بیدعە بکات ئەوە راستگۆ نیە لە خۆشەویستی بۆ خوای گەورە، وە شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - بەڵگەیە لەسەر خۆشەویستی خوای گەورەو هۆکارە بۆ دەست خستنی خۆشەویستی خوای گەورەو لێخۆشبوونی تاوانەکان [وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ ] وە خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو بەڕەحم و بەزەییە .

وە دەفەرموێت : {وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ }[سورة الأعراف

واتا : ئێوە شوێنی ئەو پێغەمبەرە بکەون - صلی الله علیه وسلم - بەڵکو خوای گەورە هیدایەتتان بدات بۆ ڕێگای ڕاست.

بۆیە واجبە کەوا لەسەر پەیڕەوو پرۆگرامی ئەو بڕۆین ، وە پابەند بین بە سوننەتەکانی ، وە وریا بین لە سەرپێچی کردنی ، پێغەمبەری خوا (صلّى الله عليه وسلّم)فەرمویەتی : [مَنْ رَغِبَ عَنْ سُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي] رواه البخاري ومسلم.

واتا : هەرکەسێک لە سوننەت و ڕێبازی من لابدات ئەوا لە من نی یە .

**چوارەم** : خۆشەویستنی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)زیاتر لە ماڵ و منداڵ و باوک و دایک و گشت خەڵکی [تەنانەت لە نەفسی خۆشت ]،

خوای گەورە دەفەرموێت{قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ وَاللَّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ }[سورة التوبة].

واتا : ئەی محمد - صلی الله علیه وسلم - پێیان بڵێ: ئەگەر باوك و منداڵ و براو خێزان و هۆزو عەشیرەتتان و[أَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا] وە سەروەت و سامانێك كە پەیداتان كردووەو پێك تانەوە ناوە، وە بازرگانیەك كە لەوە دەترسێن لەناوبچێت، وە ماڵێك كە هەتانەو پێی ڕازین و خۆشتان دەوێت [أَحَبَّ إِلَيْكُمْ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ] ئا ئەمانە خۆشەویستترە لەلاتان لە خوای گەورەو لە پێغەمبەری خواو - صلی الله علیه وسلم - لە جیهاد كردن لەپێناو خوای گەورە [فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ] ئەوە چاوەڕێ بن تا فەرمان و سزای خوای گەورە دێت و خوای گەورە سزاتان دەدات [وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ ] وە خوای گەورە هیدایەتی كەسانێك نادات كە فاسق بن، كەواتە هەركەسێك یەكێك لەم هەشت شتەی لەلا خۆشەویستتر بێت لە خواو پێغەمبەری خواو - صلی الله علیه وسلم - جیهاد كردن لە پێناو خوای گەورە، خوای گەورە بڕیاری فاسقێتی دا بەسەریاندا، وە دروستە مرۆڤـ یەكێك لەم هەشت شتەی خۆش بوێت یان هەر (هەشت)ی خۆش بوێت بەمەرجێك

خۆشەویستی ئەم هەشت شتە نەگاتە خۆشەویستی خواو پێغەمبەری خواو - صلی الله علیه وسلم - جیهاد کردن لە پێناوی خوای گەورە.

وە لە ئەنەسی کوڕی مالکەوە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمویەتی : پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه و سلم) فەرمویەتی : [لاَ يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ والِدِهِ وولَدِهِ والنَاسِّ أَجْمَعِينَ] رواه البخاري ومسلم.

واتا : ئیمانی هیچ یەکێکتان تەواو نیە ، تا ئەوکاتەی منی لە باوک و مناڵ و گشت خەڵکی خۆشتر نەوێت . [١]

وە لەفەرمودەدا هاتووە کەوا لەبەروبومی خۆشەویستی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەوەیە کەوا لەڕۆژی دواییدا لەگەڵ ئەو دەبیت :

بۆیە جارێکیان کاتێک پیاوێک پرسیاری کرد لە پێغەمبەر دەربارەی ڕۆژی دوایی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەویش لەوەڵام دا فەرمووی : [مَا أَعْدَدْتَ لَهَا] قَالَ يَا رَسُولَ اللهِ مَا أَعْدَدْتُ لَهَا كَبِيرَ صَلَاةٍ وَلَا صِيَامٍ وَلَا صَدَقَةٍ وَلَكِنِّي أُحِبُّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ قَالَ[فَأَنْتَ مَعَ مَنْ أَحْبَبْتَ] رواه البخاري ومسلم.

---

[١] [ تێبینی / والد لێرە بەمانای دایک و باوک دێت ، وە ولد بەمانای خوشک و براش دێت ؛ وەرگێڕ ]

واتا : چیت ئامادە كردووە بۆ ئەم ڕۆژە ، ئەویش وتی ئەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)من نوێژو ڕۆژو صەدەقەو خێراتی زۆرم ئامادە نەكردووە ، بەڵام خواو پێغەمبەری خوام خۆش دەوێت (صلی الله علیه وسلم) ، ئەویش پێی فەرموو : كەواتە تۆ لەگەڵ ئەو كەسە دەبیت كەوا خۆشت دەوێت .

وەكاتێک عومەری كوڕی خەطاب ڕەزای خوای لێبێت ، بە پێغەمبەری وت صلی الله علیه وسلم ، ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم تۆ خۆشەویستری لەلام لە هەموو شتێک ، تەنها لە نەفسم نەبێت ، ئەویش فەرموی : [ لَا وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْكَ مِنْ نَفْسِكَ] فَقَالَ لَهُ عُمَرُفَإِنَّهُ الْآنَ وَاللَّهِ لَأَنْتَ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ نَفْسِي ' فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: [الْآنَ يَا عُمَرُ]رواه البخاري.

واتا : سوێند بەو كەسەی كەوا گیانی منی بەدەستە ، ئیمانت تەواو نیە تا منت لە نەفسی خۆشت خۆشتر نەوێت ، عومەریش وتی : سوێند بەخوا ئێستا تۆ لەنەفسی خۆم خۆشەویستری ، پێغەمبەریش فەرمووی(صلی الله علیه وسلم ) ئێستا عومەر ئیمانەكەت تەواو .

وە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمویەتی : [ثَلاَثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ بِهِنَّ حَلاَوَةَ الإِيمَانِ مَنْكَانَ اللّهُ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمّاَ سِواَهُماَ وأَنْ يُحِبَّ الْمَرْءَ لَا يُحِبُّهُ إِلَّا لِلّهِ وأَنْ يَكْرَه أَنْ يَعوُدَ فيِ الكُفرِ بعدَ أنْ أَنْقَذَهُ اللهُ مِنهُ كَماَ يكرَهُ أَنْ يُقْذَفَ فيِ النَّارِ]

رواه البخاري ومسلم.

واتا : سێ شت هەیە لەهەركەسێكدا بێت تام و چێژی ئیمانی چەشتووە ، هەر كەسێك خواو پێغەمبەری خوای خۆشتر بوێت لە هەموو كەس ، وەهەروەها كەسێكی خۆش نەوێت تەنها لەبەر خوانەبێت ، وەحەز نەكات و پێی ناخۆش بێت كە بگەڕێتەوە سەر كوفر هەروەكو چۆن لای ناخۆشە فڕێ درێتە ناو ئاگرەوە

وەهیچ گومانی تێدانیە كەوا هەركەسێك ڕێنمونی كرا بێت بۆ ئەم سێ شتەو ئەنجامیان بدات تام و چێژی ئیمانی چەشتووە ، تام و چێژ لە خواپەرستیدا دەكات ، وە بەرگەی ئازارو نارەحەتی دەگرێت لەپێناو ڕەزامەندی خوای گەورە و پێغەمبەرەكەی (صلّى الله عليه وسلّم) ولا يسلك إلا ما يوافق شريعة هیچ ڕێگایەك ناگرێتە بەر تەنها ئەوە نەبێت كەوا هاوتاو ڕێبازی محمده صلّى الله عليه وسلّم)، چونكە ئەو ڕازی بووە كە محمد(صلى الله عليه وسلم) نێردراوی بێت

، وەخۆشی ویستووە ، وە هەرکەس ڕاست گۆیانە بەدڵ خۆشی بوێت ئەوا گوێ ڕایەڵی دەکات ؛ بۆیە شاعیرێک وتویەتی :

تعصي الإله وأنت تُظْهر حُبَّهُ هٰذا لعمري في القياسِ بديعُ

لو كان حُبَّكَ صادقاً لأطعته * إن الْمُحبَّ لمن يُحِبُّ مُطيعُ

واتا: سەرپێچی خوا دەکەیت وا خۆشت دەردەخەیت کەخۆشت دەوێت ..

سوێند بەوکەسەی کە گیانی منی بەدەستە ئەمە پێچەوانەی خۆشەویستیەکەتە ..

خۆ ئەگەر خۆشەویستیەکەت ڕاستگۆیانە بوایە ، گوێڕایەڵیت دەکرد .....

چونکە کەسێک کەسێکی خۆش بوێت گوێڕایەڵی دەکات و بێ فەرمانی ناکات....

وە نیشانەکانی خۆش ویستنی پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) ڕەنگ دەداتەوە لە شوێن کەوتنی پێغەمبەری خوا(صلى الله علیه وسلم) لەکردن و شوێن کەوتنی سوننەتەکانیدا ، وە لەجێبەجێ کردنی فەرمانەکانیدا ، وە لە نەکردن و

دورکەوتنەوە لە قەدەغە لێکراوەکانیدا ، نواندنی ئاکارو ڕەوشتی جوان بە ڕەوشتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لەخۆشی و ناخۆشیدا ، لە بێتاقەتی و دڵخۆشیدا ، ولا شك أن من أحب شيئاً آثره وە گومانی تێدانیە کەوا هەرکەس شتێکی خۆش بوێت ، خۆشەویستی ئەم شتەی ڕەنگ دەداتەوە بەسەریدا ، لە گوێڕایەڵی کردن و شوێن کەوتندا ، خۆ ئەگەر ڕەنگی نەدایەوە تێیدا ئەوا کەسێکی ڕاستگۆو گوێ ڕایەڵ نەبووە لەخۆشەویستی بۆ ئەم شتە .

وەگومانی تێدانیە یەکێک لەنیشانەکانی خۆشویستنی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) نەصیحەت و ئامۆژگاری بوونە بۆی: لەبەر فەرمایشتی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)کەوا فەرمویەتی : [الدِّينُ النَّصِيحَةُ] قُلْنَا لِمَنْ قَالَ: [لِلَّهِ وَلِكِتَابِهِ وَلِرَسُولِهِ وَلِأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ ] رواه مسلم.

واتا : دین ئامۆژگاریە[1] ، وتمان بۆ کێ ؟ فەرموی :بۆ خواو ،قورئان و پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)وگشت خەڵکی

---

[1] [ مەبەست لە ئامۆژگاری بۆ خواو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بریتیە لەجێ بەجێ کردنی فەرمانەکانیان و شوێن کەوتن و دەست پێوە گرتنیان / [وەرگێر]

ئامۆژگاری بۆ پێغەمبەری خوا(صلّى الله عليه وسلّم)بریتیە لە بەڕاست دانانی پێغەمبەرایەتیەکەی ، جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی ، وە دورکەوتنەوە لە قەدەغە لێکراوەکان ، وە پاڵپشت کردن و سەرخستنی و پاسەوانی کردنی لەژیان و مردنیدا ، وە زیندو کردنەوەی سوننەتەکانی و کارپێکردنیان و فێربونیان ، وە فێرکردنی کەسانی ترو بڵاو کردنەوەیان ، وە شوێن کەوتن و پابەند بوون بە خورەوشتە کانی ، وە جێبەجێ کردنی ئاکارە جوانەکان کە ئەو لەسەری بووە .

**پێنجەم** : بەگەورە دانانی و ڕێزگرتن لێی و سەرخستنی ،

هەروەکوو خوای گەورا دەفەرموێت : {لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ... }[سورة الفتح].

واتا: تا ئیمان بە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی - صلى الله عليه وسلم - بهێنن وە پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - بەگەورە بزانن وە ڕێزو ئیحتیڕامی بگرن وە سەری بخەن، وە تەسبیحات و زیکری خوای گەورە بکەن بە بەیانیان و بە ئێواران.

وه خوا دەفەرموێت :{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ}[سورة الحجرات].

واتا: ئەی باوەڕداران ئێوە قسەو کردەوەتان مەخەنە پێش دەستی خواو پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - ، واتە: پێچەوانەی قورئان و سوننەت هیچ شتێك مەڵێن و هیچ کردەوەیەك مەکەن و هیچ بڕیارێك مەدەن، وە تەنها شوێن قورئان و سوننەت بکەون و پێشیان مەکەون .

وه فەرمویەتی :{لا تَجْعَلُوا دُعَاءَ الرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعَاءِ بَعْضِكُم بَعْضًا...}[سورة النور].

واتا : چۆن لە نێوان خۆتاندا هەندێکتان بە ناوی خۆتانەوە بانگی هەندێکتان دەکەن بەو شێوازە بانگی پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - مەکەن بەناوی خۆیەوەو بڵێن: ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم -،بەڵکو بە ئەدەب و ڕێزو بەگەورە زانینەوە بڵێن: ئەی پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم -، یاخود پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - تووڕە مەکەن با دوعاتان لێ نەکات

چونکە دوعای پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - قەبووڵەو وەکو دوعای ئێوە نیە کە هەندێکتان لە هەندێکتانی بکەن

وە ڕێزو شکۆی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)و بەگەورە ڕاگرتنی پێویست و واجبە دوای مردنیشی هەر وەکو چۆن کە لەژیاندا مابوو ڕێزو شکۆی پێویست و واجب بوو ، جا لەکاتی باسکرنیدا بێت ، یاخود لە ژیان و بیستنی ناویدا بێت ، یا لەجێبەجێ کردنی سوننەتەکانیدا بێت ، یا لەفێرکردنی سوننەتەکانی ، وەبانگەوازکردن بۆلای و سەرخستنی دابێت ، [ ئەبێت ڕێزو حورمەتی بپارێزین و بەگەورەی دابنێین لەهەموو سات و کاروبارێکدا ] .

**شەشەم** : صەڵاوات دان لەسەری : خوای گەورە ئەفەرموێت: {إِنَّ اللَّهَ ومَلَائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيمًا } [ الأحزاب].

واتا : بە دڵنیایی خوای گەورەو فریشتەکان صەڵاوات لەسەر پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - دەدەن، صەڵاوات دانی خوای گەورە دابەزینی ڕەحمەت و سۆزو میهرەبانی و بەرەکەتی خوای گەورەیە، وە مەدح و سەنای خوای گەورەیە لەلای فریشتەکان، وە صەڵاواتی مەلائیکەتیش بریتییە لە داوای لێخۆشبوون ، [یا

أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ] ئەی باوەڕداران ئێوەش زۆر صەڵاوات لەسەر پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - بدەن و سەلامی لێ بکەن .

وە پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)فەرمویەتی : [مَنْ صَلَّى عَلَيَّ صَلاَةً صلى اللَّه عَلَيْهِ بِهَا عَشْرًا] رواه مسلم.

واتا : هەرکەسێک صەڵاواتێک بدات لەسەرم ، خوای گەورە دە صەڵاواتی لەسەر لێ دەدات .

وە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی : [ لَا تَجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ قُبُورًا وَلَا تَجْعَلُوا قَبْرِي عِيدًا وَصَلُّوا عَلَيَّ فَإِنَّ صَلَاتَكُمْ تَبْلُغُنِي حَيْثُ كُنْتُمْ]رواه أبوداود وأحمد.

واتا : ماڵەکانتان مەکەن بەگۆڕستان ، وە گۆڕی من مەکەن بە جێگای خواپەرستی ، وەصەڵاواتم لەسەر لێبدەن ، چونکە صەڵاواتەکانتان پێم دەگەن ، ئێوە لەهەر کوێ بن .

وه پێغەمبەر فەرمویەتی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) [البَخِيْلُ الذَّي من ذُكِرتُ عِنْدَهُ فلَمْ يُصَلِّ عَلَيَّ] رواه الترمذي وأحمد.

واتا : كەسی بەخیل ئەوەیە كاتێک ناوی من دەبیستێت و صەڵاوات نادات لەسەرم .

وه فەرمویەتی(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): [مَا : جَلَسَ قَوْمٌ مَجْلِسًا لَمْ يَذْكُرُوا اللَّهَ فيهِ ولم يَصْلُوا على نَبِيهِمِّ إلا كَانَ عليهِمْ ترةً فإنْ شاءَ عذَّبهُمْ وإنْ شاءَ غفرَ لَهُمْ] رواه الترمذي وأحمد.

واتا : هیچ قەوم كەسانێک نین كەوا لە دانیشتن و مەجلیسێكدا بن ، یادی خوای تێدا نەكەن ، یاخود صەڵاوات لەسەرم لێنەدەن ، ئیلا پەشیمانی و پەشیمان بونەوەیە ، جا خوا گەرویستی لەسەر بێت سزایان دەدات یاخود لێیان خۆش دەبێت.

وەپێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی : [رَغِمَ أَنْفُ رَجُلٍ ذُكِرْتُ عِنْدَهُ فَلَمْ يُصَلِّ عَلَيَّ] رواه الترمذي وأحمد .

واتا : لوتی ئەوکەسە بشکێت و بدرێتە زەوی ، کە باسی من دەکرێت لەلای صەڵاوات نادات لەسەرم .

* * * * * * * *

## هەندێک لەو شوێنانەی کەوا سوننەت وایە صەڵاوات بدرێت :

ئەو شوێنانەی کەوا صەڵاواتی تێدا دەدرێت زۆرن ، هەندێک لەو شوێنانە ئیمامی ابن القیم باسی کردووە لەکتێبەکەیدا بەناوی 'جلاء الأفهام في الصلاة والسلام علی خیر الأنام ' کە چل ویەک شوێنە ، بۆ نمونە هەندێک لەم شوێنانە ئەمانەن :

صەڵاوات دان لەسەری لەکاتی چوونە ناو مزگەوت (صلّی الله علیه وسلّم) ، وە لەکاتی هاتنە دەرەوە لەمزگەوت ، وە لەدوای وەڵام دانەوەی بانگ بێژ ، وەلەکاتی قامەت کردندا ، وەلەکاتی دوعا کردندا ، وەلەدوای تحیات و تشهد لە ناو نوێژدا ، وە لە ناو نوێژی جەنازەدا ، وە لەبەیانی و ئێوارااندا ، وەلە ڕۆژی هەینیدا ، وە لەکاتی کۆبونەوەی خەڵک پێش ڕۆیشتنیان و جیابونەوەیان ، وە لەناو وتارەکاندا : وەکو وتاری ناو ڕۆژی هەینی ، وە لەکاتی نوسینی ناوی پێغەمبەر دا (صلی الله علیه وسلم) ، وەلەکاتی کردنی نوێژی هەردوو جەژنەکاندا ، وە لەکۆتایی دوعای قنوتدا ، وەلەکاتی صەفاو مەڕوا کردندا [واتا : لەحەج یاخود لە عومرەدا ]، وە لەکاتی وەستان و چوون بۆ لای قەبری پێغەمبەر (صلی الله علیه

وسلم)دا ، وە لەكاتى بێتاقەتى و نارِحەتى و داواكردنى لێخۆشبوون دا ، وە لەدواى كردنى تاواندا گەر كەسەكە بیەوێت خوا لێى خۆش بێت، وەجگە لەم شوێنانەش كەوا زۆر جێگاى تر هەیە كە صەڵاوات تێیدا لێ دەدەیت كە ابن القیم باسى كردووە .

خۆ ئەگەر لە فەزڵ و پلەو پایەى صەڵاوات دان هیچ شتێک نەهاتبێت تەنها ئەم فەرمودەیە نەبێت كە پێغەمبەرى خوا صلى الله علیه وسلم فەرمویەتى : [مَنْ صلى عَلَّي صَلَّاةً وَاحِدَةً صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه عَشْرَ صَلَوَاتٍ وحَطَّتْ عَنْهُ عَشْرُ خَطِيئَاتٍ ورفعتْ لَه عَشْرَ دَرَجَاتٍ]رواه النسائي وأحمد.

واتا : هەركەسێک صەڵاواتێكم لەسەر لێبدات ، خواى گەورە دە صەڵاواتى لەسەر لێ دەدات ، وە دە تاوانى لەسەر لا دەچێت ، وە دە پلە بەرز دەكرێتەوە .

**حەوتەم** : وجوب التحاكم إليه واجبە کەوا حوکم و بڕیار دان بگەڕێندرێتەوە لای ئەو [ واتا : هەر حوکم و فەر مانێک بە پێی ئەو دەستوورو یاسایە بێت کەوا ئەو پێی هاتووە ]، وە ڕازی بیت بەهەر حوکمێک کەوا ئەو فەرمانی پێ کردووە :

خوای گەورە دەفەرموێت :{ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً }[سورة النساء].

واتا : ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمانتان هێناوە گوێڕایەڵی خواو گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا بکەن- صلی الله علیه وسلم - وە ئەوانەی کە فەرمانڕەواو کار بەدەستی ئێوەن چ فەرمانڕەوایان وە چ زانایان هەردووکی دەگرێتەوە لە چاکەدا بەڵام لە خراپەو تاواندا گوێڕایەڵی بۆ کەس نیە، {گەڕاندنەوەی کێشە بۆ لای خواو پێغەمبەری خوا- صلی الله علیه وسلم -}

فإنْ[ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ] وە ئەگەر لە هەر شتێکدا کێشە کەوتە نێوانتانەوە لە دین و دونیا ئەوە بیگەڕێننەوە بۆ لای خواو پێغەمبەری خوا- صلی الله علیه وسلم - واتە: بۆ لای قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا- صلی

الله علیه وسلم - پاش مردنی پێغەمبەر- صلی الله علیه وسلم - [إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ] ئەگەر ئێوە ئیمانتان بەخواو بەرۆژی دوایی هەیە [ذَلِكَ خَيْرٌ] كە كێشەتان بگەڕێننەوە بۆ لای قورئان و سوننەت ئەم گەڕاندنەوەیە بۆ لای قورئان و سوننەت باشترین كارێكە كە دەیكەن [وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا ] وە باشترین سەر ئەنجام و شوێنی گەڕاندنەوەیە كە ئێوە لە كاتی كێشەدا بگەڕێنەوە بۆ لای قورئان و سوننەت.

وە فەرمویەتی : {فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا }[سورة النساء].

واتا : ئەی محمد- صلی الله علیه وسلم - سوێند بێ بە پەروەردگارت ئیمان ناهێنن تا تۆ نەكەنە حاكم و دادوەر لەو ناكۆكیانەی كە لە نێوانیاندا ڕوو دەدات ثم[لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ ] پاشان كە تۆ بڕیارت دا لە نێوانیاندا نابێ لە نەفس و ناخیشیاندا هیچ پێ ناخۆش بوونێك هەبێ لەو بڕیارەی كە تۆ داوتە، وە دەبێ لەناخی دڵیاندا پێی ڕازی بن و دڵیان پێی خۆش بێ [وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ] وە خۆیان تەسلیم بكەن بەو بڕیارەی تۆ تەسلیم بوونێكی تەواو بەبێ

ڕەتکردنەوە، [ئەم ئایەتە لەسەر (زوبێری کوڕی عەوام) و پیاوێکی ئەنصاری دابەزی لەسەر ئاودانی دار خورما، پێغەمبەری خوا- صلی الله علیه وسلم - فەرمووی: ئەی (زوبێر) تۆ ئاوی باخەکەت بدە پاشان ئاوەکە بەربدەوە بۆ هاوسێکەت، ئەنصاریەکە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا- صلی الله علیه وسلم - بۆیە بڕیارەکەت بۆ ئەودا چونکە پورزای خۆتە، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند] وەرگێڕ .

وە فەرمانداریەتی و حوکم کردن دوای پێغەمبەر(صلّی الله علیه وسلّم) بەدەست گرتن و جێ بەجێ کردنی شەریعەتەکەیەتی.

* * * * * * * * *

**هەشتەم** : بەگەورە ڕاگرتنی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بێ زیادە ڕەوی و کورت ڕەوی کردن تێیدا : کە ئەو بەندەی خواو نێردراوی خوایە ، وهو أفضل الأنبياء والمرسلين وە ئەو باشترین نێردراوی خواو باشترین پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم)، وهو سيد الأولين والآخرين وە ئەو گەورەی یەکەمین و کۆتایەمین کەسە ، وە خاوەنی مەقامی مەحمودە [ مقام المحمود : ئەو کات و جێگایەیە کەوا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)لەڕۆژی دوایدا شەفاعەت و تکا بۆ ئوممەتەکەی دەکات ]، وە خاونی حەوزی کەوسەرە ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا مرۆڤە نە بۆ خۆی نەبۆ جگە لەخۆی سودو قازانج ناگەیەنێت ئیلا بەویستی خوا نەبێت ، هەروەکو خوای گەورە فەرمویەتی : {قُل لاَّ أَقُولُ لَكُمْ عِندِي خَزَآئِنُ اللَّهِ وَلا أَعْلَمُ الْغَيْبَ وَلا أَقُولُ لَكُمْ إِنِّي مَلَكٌ إِنْ أَتَّبِعُ إِلاَّ مَا يُوحَى إِلَيَّ...}[سورة الأنعام].

واتا : ئەی محمد- صلی الله علیه وسلم - پێیان بفەرمو: من پێتان ناڵێم خەزێنەکانیخوای گەورە لای منە یان غەیب دەزانم، بەڵکو هیچ شتێك لە غەیب نازانم تەنها ئەوە نەبێت کە هەندێك جار خوای گەورە خۆی نیشانم بدات، وە من ناڵێم مەلائیکەتم تا داوای هەندێك شتم لێ بکەن کە لە تواناو دەسەڵاتمدا نەبێ

[إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَى إِلَيَّ] بەڵكو من تەنها شوێنی ئەو وەحیە دەكەوم كە خوای گەورە بۆم دەنێرێ كە فەرمانم پێكراوە بیگەیەنم و لێی لانادەم .

هەروەها دەفەرموێت:[ قُل لاَّ أَملِكُ لِنَفسِي نَفعًا وَلاَ ضَرًّا إِلاَّ مَا شَاءَ اللَّهُ وَلَوْ كُنتُ أَعلَمُ الْغَيْبَ لاَستَكثَرتُ مِنَ الخَيرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ إِنْ أَنَاْ إِلاَّ نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ][سورة الأعراف].

واتا : ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - بڵێ: من بۆ نەفسی خۆم هیچ سوودو زیانێكم بەدەست نیە مەگەر خوای گەورە خۆی ویستی لێ بێ هەندێك شتم پێ بڵێ:[ لَوْ كُنتُ أَعلَمُ الغَيبَ لاَستَكْثَرتُ مِنَ الْخَيْرِ] وە ئەگەر من نهێنی غەیبم بزانیبایە ئەوا ئیشی خێرو چاكەم بۆ خۆم زۆر دەكرد لە كڕین و فرۆشتن و بەرژەوەندی دین و دونیا [وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ] وە هەرگیز تووشی خراپە نەدەبووم بەڵام غەیب نازانم بۆیە لە هەندێك جەنگدا تێك دەشكێم یان صەحابەم دەكوژرێ، (كە پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) غەیب نەزانێت چۆن خەڵكی غەیب دەزانن؟! نابێت مرۆڤ باوەڕ بەو كەسانە بكات كە بانگەشەی زانینی غەیب دەكەن لە جادووگەرو فاڵچیان، چونكە هەركەسێك باوەڕیان پێ بكات ئەوا كافر دەبێت و

كردەوە چاكەكانی هەڵدەوەشێتەوە) [إِنْ أَنَا إِلاَّ نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ] ئیشی من تەنها ئاگادار كردنەوەو ترساندن و موژدەدانە بە كەسانێك كە ئیمانیان هەبێ.

وە خوا دەفەرموێت:{ قُلْ إِنِّي لَا أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا رَشَدًا ۞ قُلْ إِنِّي لَن يُجِيرَنِي مِنَ اللَّهِ أَحَدٌ وَلَنْ أَجِدَ مِن دُونِهِ مُلْتَحَدًا }[سورة الجن].

واتا : ئەی محمد - صلی الله علیه وسلم - پێیان بڵێ: ئەگەر من سەرپێچی خوای گەورە بكەم و سزام بدات ئەوا هیچ كەسێك نیە بتوانێ سزای خوای گەورەم لەسەر لابدات و بم پارێزێت [وَلَنْ أَجِدَ مِن دُونِهِ مُلْتَحَدًا ] وە جگە لە خوای گەورە هیچ پشتیوان و پەنایەك نیە كە پەنای بۆ بەرم و لە سزای خوای گەورە بم پارێزێ.

پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) وەفاتی كرد وەكو هەموو پێغەمبەرانی پێش خۆی (صلی الله علیه وسلم) ، بەڵام دینەكەی دەمێنێتەوە تا ڕۆژی دوایی .

خوای گەورە دەفەرموێت :{إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ }[سورة الزمر].

واتا : ئەی محمد -صلی الله علیه وسلم - تۆش دەمریت ، وەكو چۆن پێش تۆ ئەوانیش مردن .

بەمەوە دەزانین كەوا دروست نیە عبادەت و خواپەرستی بكرێت بۆ جگە لەخوای گەورە ، كە هیچ شەریک و هاوەڵێكی نیە ، تاک و تەنیایە ، خوای گەورە فەرمویەتی :﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ لَا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ﴾[سورة الأنعام].

واتا : ئەی محمد- صلی الله علیه وسلم - پێیان بڵێ: نوێژ كردن و حەیوان سەربڕین و ژیان و مردنم بۆ الله یە كە پەروەردگاری هەموو جیهانە، چۆن نوێژ كردن بۆ غەیری خوا شەریك دانانە، حەیوان سەربڕینیش بۆ غەیری خواو ناوی غەیری خوای لەسەر بێنی ئەویش هەر شەریك دانانە بۆیە خوای گەورە بەیەكەوە هێناویەتیەوە، وە تەنها بۆ خوا دەژیم وە لە پێناو خوای گەورەشدا دەمرم [لا شَرِيكَ لَهُ] لەم شتانە خوای گەورە شەریكی نیە چۆن لە نوێژدا شەریكی نیە هەر دەبێ بۆ ئەو بیكەی لەسەر بڕینیشدا شەریكی نیەو دەبێت ئاژەڵ هەر بۆ ئەو سەرببڕی [وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ ] وە بەم شتانە من فەرمانم پێكراوە لەلایەن خوای گەورەوە [وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ ] وە من یەكەم موسڵمانم لە ئوممەتەكەی خۆم

وصلی الله وسلم علی نبینا محمد وعلی آله وأصحابه.